به بۆنەی بیست و دووەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# مەعریفە.. جەنگێکی نادیار

سمکۆ محەمەد

لەوەتەی دنیا هەیە مەعریفە خۆی دەرگای لەسەر خۆی نەکردووەتەوە و بە پێچەوانەشەوە بەدەستی خۆی دەرگای لەسەر خۆی دانەخستووە، ئەمە ئەو جەنگە نادیارەیە کە لەغیابی ڕەخنە وەک سیستمێکی ئەکتیڤیا لەنێو کایەی ڕۆشنبیریدا دیار دەکەوێت، ئێمە لەبەردەم دوو جۆر ململانێدایین، ململانێی مەعریفە و جەهل و نەیارەکانی و ململانێی مەعریفە لەگەڵ خودی خۆی، ئەوانەی لەگەڵ مەعریفە جەنگیان بەرپاکردووە بە شەهامەتەوە بەردەوام بوونە لە ململانێ، ئەوانەش کە لەگەڵ جەهل و دواکەوتن و نیفاق ململانێیان کردووە، ڕووبەڕووی مەترسی بوونەتەوە کاتێک ئاوڕیان داوەتەوە کەس بەدەنگیانەوە نەچوون، ئەم فەزا گومانا وییە کە ڕەگوڕیشەی ئەم ستراکچەرەی دیاریکردووە، کاریگەری ناڕاستەوخۆی لەسەر بەردەوام نەبوونی پرۆژەی مەعریفی هەبووە، بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە هەم بە هۆکاری گوتاری زاڵی ئاینی و هەم بە هۆکاری سیاسەت و هەم بە هۆکاری کەسانی مونافیق و هیچ لەبارانەبوو پرۆژەکان شکستیان خواردووە، ئەوەتا لە میسر لە ئەنجامی ئەو جەنگە نادیارەی کە مەعریفە لەگەڵ جەهل بە هەموو ماناکانییەوە هەیبووە، دەرەنجام بووەتە مایەی داخستنی چەندان پرۆژەی مەعریفی، بۆ نموونە گۆڤاری (المجلة) کە لە میسر دەردەچوو سەرنووسەرەکەی محەمەد عەوەز بوو، زیاتر لە ١٥ ساڵ کاری کرد، سەرەنجام ناچار کراوە دابخرێت، گۆڤاری گالیری کە ئەحمەد مورسی سەرنووسەری بووە، ساڵی ١٩٦٩ ناچار کراوە دابخرێت، گۆڤاری فیکری هاوچەرخ کە زەکی نەجیب سەرنووسەری بووە بەناچاری دوای ئەو هەموو ململانێیە ساڵی ١٩٦٥ دایخستووە، گۆڤاری ئەدەب و ڕەخنە کە لە توونس دەردەچوو سەرنووسەرەکەی تاهیر ئەحمەد مەکی بوو، ساڵی ١٩٨٤ بەناچاری دایخست، گۆڤاری مەسار کە چەپگەراکان دەریاندەکرد سەرنووسەرەکەی محەمەد عرووس مەتەری بوو، ساڵی ١٩٨٨ داخرا، گۆڤاری (المعرفة) کە لە سووریا دەرچوو سەرنووسەرەکەی فوئاد شەباب بوو، بەناچاری ساڵی ٢٠١١ داخرا، بۆیە ئەم ئەزموونە جیاوازانە دەگێڕمەوە، بۆ ئەوەیە کە ئەوانەی دژ بە دنیای فیکر و ئەدەب ڕاوەستاون و لە بەرانبەردا پرۆژەی ناکامڵ وەک ئەلتەرناتیڤ دەبینن، دەبێ ئەوە بزانن لە کۆتاییدا پەشیمانی دادی هیچ لایەک نادات، لە

دنیای ڕۆشنبیری کوردیشدا دەیان پڕۆژەی مەعریفی هەبووە کە ئاخری خێر نەبووە، چونکە نەیتوانیوە گرەو لە جەهل بباتەوە، نموونەش ڕەهەندییەکان کە گوایە پرۆژەیەکی سەربەخۆی ڕەخنەیی بوو، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو تەگەرانەی کە لەبەردەم ڕۆشنبیری کوردیدا هەبووە، بریتی بووە لەوەی کە بڕوایەکی قووڵ بۆ مانای ئازادی نەبووە، کە ئەمە دواجار شوناسی ڕۆشنبیر و نووسەری جددی و ناجددیشی تێکەڵ بەیەکتر کرد.

سەرباری هەموو تێبینییەکانم لەسەر گۆڤاری ڕامان کە لەماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ من لە بەشێکی مێژووەکەی مەحروم بوومە بابەتی تێدا بڵاوبکەمەوە، بەڵام دانی پێدا دەنێم کە ئەو ئەزموونە پڕ بەهایە کە توانیویەتی لە هەموو بوارەکاندا ئەرشیڤێکی بە نرخ کەڵەکە بکات و زۆرترین قەڵەم شانسی ئەوەیان هەبێت بەشداری تێدا بکەن، بۆ نموونە بە جیاوازی نەوەکان و قەڵەمەکانی هەموو پارچەکان و شارەکان و گرووپە ڕۆشنبیرییەکان، بەسەدان شیعر و چیرۆک و نۆڤلێت و شانۆنامە و بابەتی زمانەوانی و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسە ناودارە ڕۆشنبیرەکان و...تاد بڵاوکردووەتەوە، گەنجینەیەکی ناوازەی پێشکەش بە دنیای مەعریفی کوردی کردووە، بەردەوام بوونی و ڕاستگۆیی لەمەوعیدی دەرچوونی گۆڤارەکە و لانەدانی لە فیکر و ئەدەب، کارێکی کردووە هەموو بەجیاوازی بیروڕاوە بەرگری لەمانەوەی بکات، بەتایبەتی ئێستا تاکە گۆڤارە بەبێ ئینتیمای سیاسی خزمەت دەکات.

گۆڤاری ڕامان ئەو کەشتییە بووە کە خەڵکێکی زۆر سەرکەوتن و ئەو هەر لەنگەری نەگرت و بەردەوام بوو، بەڵام زۆر کەس حەوسەڵەی ئەوەیان نەبوو لەگەڵ کەشتییەکە بەردەوام بن، بۆیە بەردی تێدەگرن، ئەم حاڵەتە بەشێکی پێوەندی بەو تەنگژە سیاسییە جۆراوجۆرانەوە هەبوو کە هیچ تایبەتمەندی و حورمەتێکی بۆ خودی ڕۆشنبیر نەهێشتەوە و کردی بەقەرەقۆز، ئەو گوشارە سیاسییەی کە بەدرێژایی مێژوو لەسەر ئەدەب و هونەر هەبووە، کەلەپووری مەعنەوی نەکردە مۆد بۆ ڕەخنە، بۆیە زەمینەی بۆ نەزانین و ڕەخنەی بێ مانا ڕەخساندووە کە ئاراستەی بیرکردنەوەی فەند بۆ پرۆژەی مەعریفی بگۆڕێت بۆ وتارۆکەی ڕۆژنامەوانی بێ ناوەرۆک، لەبەرانبەریشدا ئەو جورئەتە نەبووە کە بەرگەی گوشاری جاهیلەکان بگرێت و ململانێ و جەنگە نادیارەکان ئاشکرا بکەن، هەڵبەت ئەمە هەوڵێکی ئایدیۆلۆژی ناڕاستەوخۆ بووە کە تا ئێستا بەردەوامی هەیە، سەرنجام ڕامان خۆی و ئەرشیڤەکەی باشتر دەتوانێ بەرگری لەخۆی بکات، شکستی عەقڵیش بۆ دژەکانی دەمێنێتەوە.